# پاڵەوانی ڕاستەقینە و فس فس پاڵەوان

**هەوڵێک بۆ پەشیمانکردنەوەی (ڕێبین هەردی) لە نووسینێک بەناوی (ئەو هەموو دەبەنگیە چیە؟ وەڵامێک بۆ فس فس پاڵەوانەکەی دەرهێنەری ئاریا)**

**کاروان عومەر کاکەسوور**
karwankakasur@yahoo.co.uk



(ڕێبین هەردی) یەکێک بووە لەو نووسەرانەی، کە زۆر جدییانە لەناو ئەدەب و فیکری ئێمەدا هەوڵی تێکشکاندنی پایەکانی (پاڵەوان)یان داوە. ئەگەر (پاڵەوان)ی ئەگریکی ئەو کەسە بوو، کە دەبوایە پەیڕەوی بێچەندوچوونی فەرمان و فەرموودەکانی خواوەند بکات، وەکو ئەوەی (سیزیف) کردی، ئەوە (پاڵەوان)ی ستانداردی ئێمە لەپێناو ئەوەی نەبێتە (فس فس پاڵەوان)، دەبێت پەیڕەوی فەرمان و فەرموودەکانی ئایدۆلۆژیا بکات. (ڕێبین هەردی) وەکو یەکێک لە نووسەرە جدییەکانی دوای ڕاپەڕین و وەکو ئەندامێکی (ڕەهەند) ئیعتیباری بۆ (فس فس پاڵەوان) دروست کرد. ئەگەر سەرنج لە ناوی (فس فس پاڵەوان) بدەین، ئەوە بەئاسانی لەوە تێدەگەین، کە ناوێکە لە دەرەوەی زمانی ستانداردی ئێمە. لە دەرەوەی ئەو زمانەی دەتوانێت یادەوەرییەکی جوان بۆ ناوەکان دروست بکات. واتە ناوێکە لەگەڵ قێزکردنەوە و نەفرەتکردندا نەبێت، ناتوانێت دەربکەوێت. بە مانایەکی دیکە (فس فس پاڵەوان) وەکو ئەنتۆنیمێک لەبەرامبەر (پاڵەوانی ڕاستەقینە)دا، قوربانیی دەستەڵاتی ناولێنانە. ئەو دەستەڵاتەش لەسەر هەردوو پایەی ئیکۆنۆمی و کۆمەڵایەتی وەستاوە. لە بیرمانە بەعس تاکە سەرچاوەیەک بوو، کە دەیتوانی ئەو دوو ناوە لە تاکەکان بنێت. (پاڵەوانی ڕاستەقینە) ئەوانە بوون، کە لە زنجیرە شەڕەکاندا گیانی خۆیان فیدای دیکتاتۆر دەکرد، بەڵام (فس فس پاڵەوان) ئەو کەسە بوو، کە ئەو گیانە فیداکارییەی تێدا نەبوو. بزووتنەوەی چەکداریی کوردییش خۆی  جۆرێک لە دەستەڵاتی ناولێنانی هەبووە. چ ئەدەبیاتی بەرگریی شاخ و چ هی کوردایەتیی ناو شارەکانیش پڕن لە وشەگەلی (ئازا)، (جوامێر)، (چەلەنگ) و (پاک) لەبەرامبەر وشەگەلی وەک (ترسنۆک)، (ناجوامێر)، (دەستەپاچە) و (ناپاک)دا. ناوی (پێشمەرگە)ش وەکو کەسێکی قارەمان و گیانفیدا خۆی لەناو ئەو سیستەمی ناولێنانەوە چاوی هەڵهێناوە. هەر لەناو ئەو ئەدەبەدا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووبەڕووی ناوی (فس فس پاڵەوان) دەبینەوە. (پاڵەوانی ڕاستەقینە) پشتبەستە بە هێزێکی کۆمەڵایەتیی گەورەوە. بەپێچەوانەوە (فس فس پاڵەوان) کەسێکە تەنیا و پەراوێزخراو. کەسێکە قوربانیی مەیلی ئیندیڤیدوالیزمە. (پاڵەوان) یاخود (قارەمان) ئاوەڵناوێکە بۆ پیاوی ئازا و چەلەنگ، بۆیە ئەو ئاوەڵناوە نەک هەر ناخرێتە دوای ناوی ژنەوە، بەڵکو بەر هەموو پیاوێکیش ناکەوێت. یەکێک لەو سیفەتانەی (فس فس پاڵەوان)ی پێدەناسرێتەوە، ئەوەیە لەشێوەی گروپ دەرناکەوێت. تا ئێستا نە حزبێک و نە ڕێکخراو و نە سەندیکایەک هەبووە بەناوی (فس فس پاڵەوان)ەکان. هەر بۆیە هێرشی (پاڵەوان) بۆ سەر (فس فس پاڵەوان) هێرشێکی کۆمەڵایەتییە بۆ سەر تاکێک، چونکە (فس فس پاڵەوان) جۆگرافیایەکی تەسکی

هەیە. بە مانایەکی دیکە جۆگرافیای (فس فس پاڵەوان) تەنها ناخی خۆیەتی. لای ئێمە کاتێک دەوترێت (فس فس پاڵەوان)، ئەوە ڕێک بە مانا دژەکەی دەوترێت، کە (قارەمان Champion)ە. (قارەمان)یش لە فانتازیای ئێمەدا ئەو ئێندیتییەیە، کە توانایەکی گەورەی هەیە لە نواندنی موعجیزەدا، بۆیە دەبێت جیای بکەینەوە لەگەڵ ئەو (پاڵەوان)ەی، کە ئێمە لەجیاتی وشەی (کارەکتەر) لە ئەدەبدا بەکارمانهێناوە. لە زمانەکانی دیکەشدا (پاڵەوان) هەمان ئەو دوو مانایەی هەیە. (هیگڵ) کاتێک بە (دیکارت) دەڵێت (پاڵەوان)، لەبەرئەوە نییە، کە (دیکارت) دەیتوانی شەڕەشمشێر بکات و بەگژ دێو و ئەژدیهادا بچێت، لە کاتێکدا (دیکارت) ڕێک بەپێچەوانەی ئەوەوە بوو. تەنانەت هەندێک بە ترسنۆک ناویان دەبرد، کە نەیدەوێرا بیرۆکەکانی خۆی زۆر بەئاشکرا لە فەڕەنسا دەربڕێت و ڕووی لە هۆڵەندا کرد. مەبەستی (هیگڵ) تەنها ئەوەیە، کە (دیکارت) لە توانایدا بوو خۆی بەرامبەر بەو هەموو گومانەی ناو سەری بگرێت، کە بەهۆیانەوە وای هەستدەکرد لەم دنیایە تاق و تەنیایە.

ئێمە لەم نووسینەماندا چییتر ناوی (فس فس پاڵەوان) بەکارناهێنین، بەڵکو بۆ ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەگەڕێینەوە، کە ئەویش (ئەنتی هێرۆ Antihero)یە. ئەگەرچی لە زمانەکانی دیکەدا زیاتر لە مانایەکی هەیە و ڕەنگە سەد لە سەد مەبەستەکەی ئێمە نەگەیەنێت، بەڵام ئێمە تەنها گەرەکمانە لە بەرامبەر (پاڵەوان = هێرۆ Hero)دا بەکاریبهێنین. هاوکات ئاماژە بەو پارادۆکسە دەدەین، کە لە زمانی کوردییدا هەیە، بەوەی (هێرۆ) ناوێک بووە بۆ ژن، نەوەک بۆ پیاو. دیارە بە کەمێک جیاوازی لەنێوان دەنگی (ی) لە هەردووکیاندا. کەواتە ئێمە مەبەستمان لە (هێرۆ)، مانای (قارەمان)ە، نەوەک گوڵی هێرۆ. (ئەنتی هێرۆ) لەناو ئەدەب و فیکری ئێمەدا هەمیشە بە شەرمنی، ئەگەر نەڵێم بە قاچاغ، لەشێوەی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکدا دەرکەوتووە. ئەو ڕاناوەی بەدرێژاییی نووسینی ئێمە لەلایەن ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆوە هێرشی کراوەتە سەر و لەناو زمان و مێژووماندا بەدەرنراوە. ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ، کە ڕاناوی (هێرۆ)یە، بەردەوام لەلایەن دەستەڵاتی خێڵ و ئایدۆلۆژیاوە پشتگیریی لێکراوە. (ڕێبین هەردی) وەکو نووسەرانی دیکەی (ڕەهەند) و هەندێک لە نووسەرانی دەرەوەی (ڕەهەند)یش لەبەرامبەر دەستەڵاتی ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆدا پشتگیری لە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک کردووە. ئەو ڕاناوە لەسەر دەستی ئەو نووسەرە جدییانەی ئێمە، کە بێگومان (هەردی) یەکێکە لەوانە، توانیویەتی بەدرێژاییی ئەو شانزدە ساڵەی رابردوو زیاتر لەپێشوو لە نووسینماندا ڕەنگبداتەوە. پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان (هێرۆ) لەسەر ئاستی سویمبول و (باوک) لەسەر ئاستی واقیعدا هەیە. هەموو هەوڵێکی (هێرۆ) ئەوەیە لە ڕێگای پاڵەوانبازێتییەکانیەوە (Heroic) بگاتە ئاستی کەماڵ (Perfection)، هەتا خۆی لە هەموو ڕەخنە و سەرزەنشتێکی نەوەکانی بەدوور بگرێت، بەپێچەوانەی (ئەنتی هێرۆ)وە، کە دەیەوێت توانای خۆی بە ئاڕاستەیەکی تەواو جیاوازدا ببات. (دۆنکیخۆتە)ی (سێرڤانتس) هەر ئەوە نییە یەکەمین ڕۆمان بێت لەڕووی مێژوییەوە، بەڵکو ئەو کارەکتەرە هەوڵی یەکەمیشی ئەوەیە هەموو سیفەتەکانی (هێرۆ) لە خۆی داماڵێت، کە پێشتر کارەکتەری ستانداردی ناو ئەفسانەکانی پێدەناسرانەوە. بە دەربڕینێکی دیکە چییتر مەرگ لای (دۆنکیخۆتە) مانایەکی قەدەریی نییە، کە (هێرۆ) لە سەردەمی ئەگریگەوە هەتا دەگاتە (هاملێت)ی (شەکسپێر)یش لە مەسەلەی کوشتنی مامیدا، خۆی داوەتە دەستی. لە زمانی سیاسەتیشدا، کە ئایدۆلۆژیا سەرچاوەکەیەتی، (دۆنکیخۆتە)، یان (دۆنکیشۆت) لەگەڵ (فس فس پاڵەوان) هاوواتایە و ئەویش بەهەمان شێوەی (فس فس پاڵەوان) وەکو سویمبولێکی نێگەتیڤ بەکارهاتووە. کارەکتەرەکانی (فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی)، (جەیمس جۆیس)، (فرانز کافکا)، (ئەلبێر کامۆ) و (ساموێل بیکێت) چەند (ئەنتی هێرۆ)یەکن، کە دەیانەوێت لەناو ناخی خۆیاندا، دوور لە گرووپەکان، بەدوای پرسیارەکانی هێمنی و ژیان و میتافیزیکادا بگەڕێن. ئەوە لەکاتێکدا (هێرۆ) تەنها لەگەڵ (هێرۆ)کانی دیکە و لەناو ڕووداوە کۆمەڵایەتییە گەورەکاندا، دەیەوێت دەربکەوێت وەکو لای (ماکسیم گۆرگی) و نووسەرانی دیکەی ڕیالیزمی سۆسیالیستییدا دەمانبینی. (شێرزاد حەسەن)ی ئێمە وەکو چیرۆکنووسێک لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، لەناو گەرمەی پاڵەوانبازێتییدا توانی

کارەکتەری (ئەنتی هێرۆ) لەناو کونوکەلەبەری گەڕەکە هەژارنشین و پەراوێزخراوەکاندا بدۆزیتەوە، کە ئەمە بە ڕای من گەشترین ڕووی چیرۆکی ئەو چیرۆکنووسەیە. (هێرۆ) لەناو ڕیتواڵێکی ئاینی یان ناسیۆنالیستی بەدوای نەمریدا دەگەڕێت، دەیەوێت لە دوای خۆیشیەوە درێژە بە ژیانی بدرێت. بەو مانایەی ژیانی (هێرۆ) لەناو هەموو سەردەمەکاندا هەمان ژیانە. بۆ ئەمەش لەلایەک پێویستی بە موعجیزە هەیە و لە لایەکی دیکە بە خوێنڕشتن. بەپێچەوانەوە (ئەنتی هێرۆ) وەکو چۆن خۆی بە میراتگری نەوەی پێش خۆی نازانێت، بەهەمان شێوە هیچ وەسیەتێکیش بۆ نەوەی دوای خۆی ناکات. ئەفسانەکان پێمان دەڵێن خوێن شوناسی یەکەمی (هێرۆ)یە. (هێرۆ) نەوەکانی دوای خۆی مەحکوم دەکات بەوەی لەناو هەمان ڕیتواڵدا ژیانی وی لە خۆیاندا هەڵبگرن.

یەکێک لە پرسیارە گرنگەکانی (بەختیار عەلی) ئەوەیە: ئایا ناکرێت ئێمە ئێنتیتییەیەک بین لە دەرەوەی کوردبووندا. من پێم وایە ئەمە هەمان ئەو پرسیارەشە، کە ئایا ئێمە بۆمان نییە ئازا و چاونەترس نەبین؟ بە مانایەکی دیکە ناکرێت نەبین بە (هێرۆ)؟ لێرەوەیە بایەخی (بەختیار عەلی) و نووسەرانی دیکەمان، لەوانە (ڕێبین هەردی) بە (ئەنتی هێرۆ) ڕێککەوتێک نییە، بەڵکو لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی مەعریفییانەوەیە بۆ کۆمەڵگایەک، کە بەدرێژاییی مێژووی خۆی (ئەنتی هێرۆ)ی سەرکوتکردووە. (ڕێبین هەردی) لەپاڵ نووسەرانی دیکەی (ڕەهەند) و هەندێک نووسەری دەرەوەی (ڕەهەند)یشدا جەخت لەسەر داکۆکیکردن لە ئازادییدا دەکات لەبەرامبەر بە دەستەڵاتی ئایدۆلۆژیادا، کە ئەوەیان مەبەستیەتی لە ڕێگای درووشمەکانیەوە بمانکاتە (هێرۆ). (هەردی) بەچاکی لەوە تێگەیشتووە، کە (ئەنتی هێرۆ) یەکەمین قوربانیی نەبوونی ئازادییە. بە مانایەکی دیکە هەوڵی (هەردی) لە ماوەی ئەو شانزدە ساڵەی ڕابردوودا ئەوە بووە، کە هێزی مەعریفیی (ئەنتی هێرۆ) لە بەرامبەر هێزی کۆمەڵایەتیی (هێرۆ)دا نیشان بدات.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە (ڕێبین هەردی) بپرسین بۆچی هەموو ئەو ڕابردووەی خۆی بیردەچێتەوە و بە (هادی المهدی)ی دەرهێنەر دەڵێت (فس فس پاڵەوان)؟ بۆچی پێی دەڵێت (ئەو دەبەنگیە چییە)؟

بەرلەوەی ئەو دوو پرسیارە لێکبدەینەوە، ئەوە بە پێویستی دەزانم بڵێم من لەم نووسینەمدا هیچ مەبەستم نییە باس لەوە بکەم، کە ئاخۆ درامای (ئاریا) چەند هونەرییە و چەند ناهونەری. ئەوە لەکاتێکدا من هەر دراماکەم نەبینیوە. بە پێویستیشم زانی ئەم بابەتەم تا تەواوبوونی ئەو مشتومڕەی نێوان (هادی المهدی) و نووسەرانی دیکەدا بلاو نەکەمەوە، کە دەزانم تەنها خوێنەری تەمبەڵ چێژیان لێدەبینێت. بێگومان من نەک دژی ڕاگرتنی درامای (ئاریا)م، بەڵکو دژی هەموو ئەوانەشم، کە هێرشیان کردە سەر (هادی المهدی) و ئەو درامایە. هەروەها دەبێت دیسان ئاماژە بەوە بدەم، کە (ڕێبین هەردی) زمانێکی بەکارهێناوە، سەرتاپای جنێوە. ئەو شێوازی نووسینە، کە دەچێتە خانەی (توندوتیژیی سویمبولی Symbolic Violence)یەوە، بەردەوام گوتارێکی ئامادە بووە لەناو فیکری ئێمەدا و لەسەر حیسابی گوتاری لێبوردەیی کاری کردووە. هەوڵی یەکەمی ئەو شێوازە ئەوە بووە، کە هیچ سنوورێک لەنێوان داهێنان و ئەوی دیکەدا نەهێڵێت. نووسەرانی (ڕەهەند) زۆر جار سکاڵایان لە دەست هەندێک نووسەر کردووە، کە جنێویان پێداون، بەڵام ئەوەتا (ڕێبین هەردی)یش بەهەمان زمانی ئەو نووسەرانە هاتۆتە دەنگ. (ڕێبین هەردی) دەڵێت: (لەو کەسانەم هەرگیز حەزم لە موهاتەرات و شەڕە جنێو و موزایەدەی بێمانا نیە.. لە کوێ فکر نەبوو قەڵەمی منیش لەوێ نیە). لە سەرتاپای بابەتەکەشیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (هادی المهدی) هیچ پێوەندییەکی بە فکر و بە هونەرەوە نییە. ئەو زمانەی (ڕێبین هەردی) پێی نووسیوە، زۆر نووسەری لەسەر سەرزەنشت کراون و خراونەتە دەرەوەی بازنەی داهێنانەوە. خۆشبەختانە سەرتاپای گوتەکەشی هەڵەیە و پێچەوانەی ئەوەیە، کە تا ئێستا کردوویەتی، چونکە (ڕێبین هەردی) وەکو داهێنەرێک لە ڕێگای قەڵەمەکەیەوە فکری دروستکردووە و گەیاندوویەتی، نەوەک وەکو ئەوەی خۆی دەیڵێت. بەپێی ئەو گوتەیەی خۆی بێت، ئەوە قەڵەمەکەی ئامێرێکی پاسیڤە و هیچ ڕۆڵێکی لە بەرهەمهێنانی فکردا نییە. من خۆم کاتێک نووسینێکی پڕ لە زمانی توندوتیژی دەخوێنمەوە، هیچ پێویستیم

بەوە نییە بزانم ئەوەی ئەو زمانەی بەکارهێناوە، هێرشی کردووە، یان وەڵآمی کەسانێکی داوەتەوە، چونکە ئەو زمانە وەکو گوتم تەنها دەکرێت لە دەرەوەی داهێنانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەو زمانە لە توندوتیژی زیاتر، ناتوانێت شتێکی دیکە بەرهەمبهێنێت.

(ڕێبین هەردی) لەو نووسینەیدا بۆیە ڕێگای بە خۆی داوە جنێو بە (هادی المهدی) بدات، چونکە دووەمیان لەلایەک بوختانی بۆ کردووە و لەلایەکی دیکە کەسێکی (فس فس پاڵەوان)ە. مەبەستیشی لە (فس فس پاڵەوان) ئەوەیە، کە وەکو خۆی ئازا نییە و ناتوانێت لە ئاستی دەستەڵآتدا دەنگ هەڵبڕێت. ئەمانە بەڕوونی لە نووسینەکەیدا دەخوێنینەوە. ئەوانە شۆکێک لای من دروست دەکەن، چونکە تا خوێندنەوەی ئەو بابەتە نەدەچووە ئەقڵمەوە (ڕێبین هەردی) بەو زمانە بنووسێت. باوەڕم نەدەکرد هەر ناوی (فس فس پاڵەوان) بەکاربهێنێت چجای لەشێوەی نێگەتیڤیشدا. (ڕێبین هەردی) هەر لەو نووسینەیدا زیاتر لە جارێک (نەخوێندەوار)ی لەشێوەی جنێو بەکارهێناوە و وەکو ناتۆرەیەک خستوویەتیە پاڵ (فس فس پاڵەوان)ەوە. ڕاستییەکەشی یەکێک لە سیفەتەکانی ئەو کائینە، نەخوێندەوارییە، چونکە وەکو گوتمان (ئەنتی هێرۆ) کەسێکی پەراوێزخراوە. کەسێکە بێبەشە لەو خوێندەوارییەی دەزگاکانی دەوڵەت لەبەرامبەر کۆمەڵێک مەرجدا دەیدەنە تاکەکان. دەوڵەت چ لەپێش ڕاپەڕین و چ لەدوای ڕاپەڕینیش بەردەوام و زۆر دیماگۆژییانە لە ڕێگای میدیاکانیەوە بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە گوایە فێرکردنی بەخۆڕاییە، بەڵآم ڕاستییەکەی ئەو فێرکردنەی خۆڕایی نەبووە، بەڵکو لەبریتیی لێسەندنەوەی هەموو ئەو بەها و بەهرە ڕۆحییانە بووە، کە تاکەکان بەسرووشتی خۆیان هەیانبووە. هەر کەسێک لەو دەزگایانە فێری خوێندەواریی بووبێت، بەشێکی زۆری لە سەربەستیی خۆی بەخشیوە. لێرە مەبەستم نییە بچمە ناو وردەکارییەکانی ئەو سیستەمەوە، بەڵکو دەمەوێ ئەوە بیری (ڕێبین هەردی) بهێنمەوە، کە (نەخوێندەوار) قوربانیی دەستی ئەو دەزگا پەروەردەییانەیە، نەوەکو هی دەبەنگییەکانی خۆی، بۆیە ڕاست نییە (نەخوێندەوار) بکەینە جنێو و بە کەسانێکی بدەین، کە بە زمانێکی توندوتیژ تووڕەمان دەکەن. ئەمە ئەو تێگەیشتنە ستانداردەی ئێمەیە، کە سووک و ئاسان پێمان دەڵێت ئەقڵ تەنها دەتوانێت لەناو خوێندەوارییدا کار بکات و خۆی نوێ بکاتەوە. داهێنەرەکانیش ئەوانە نیین، کە لە دەزگاکانی پەروەردە و خوێندن فێری داهێنان دەکرێن. دەزگاکان بەردەوام ئیشی دیکەی جیا لە خوێندنیان بە (ئەنتی هێرۆ)وە هەبووە وەکو بەکارهێنانی وزەکەی لە کاری قورسی هەرزان و لە جەنگەکاندا، بۆیە یان هەر لە بنەڕەتەوە ئێندیتییەیەک بووە لە دەرەوەی بازنەی ئەو سیستەمی خوێندنەوە، یان ئەگەر پێویستیش بووبێت بکرێتە بەشێک لەو سیستەمە، ئەوا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاڕاستە کراوە. وەکو لە سەردەمی شەڕەکانی دیکتاتۆردا دەمانبینی. (ڕێبین هەردی) خۆی زیاتر لە جارێک ڕەخنەی جدییانەی لەو سیستەمە گرتووە. لە بیرمە ساڵی نەوەد لە مووسڵ نووسینێکی نووسەری ئەڵمانی (ئایزنبێرگەر)م لەژێر ناونیشانی (بەشکۆکردنی نەخوێندەواری)، کە (حسونه المصباحی) کردبوویە عەرەبی، خوێندەوە. باسی لەوە دەکرد، کە (نەخوێندەوار) چەند مرۆڤێکی بەختەوەرە، بەوەی دەزگاکان ناتوانن لە ڕێگای زانستەوە کۆنترۆڵی بکەن و ئەنجام بەئارەزووی خۆیان دەست بەسەر تواناکانیدا بگرن. بە باوەڕی ئەو نووسەرە دەزگاکانی فێرکردن لەپێناوی خەڵک نییە، سیستەمی خوێندنیان هەیە، بەڵکو بۆ ئەوەیانە لەو ڕێگایەوە توانای تاکەکان دەستنیشان بکەن و بزانن لە کوێیان بەکاربهێنن. دەیوت: (ئێرەیی بە نەخوێندەوار دەبەم، کە یادەوەرییەکی

گەورەی هەیە). مەبەستی ئەوەیە (نەخوێندەوار) لەسەر سرووشتی خۆی ماوە و نەشێوێنراوە. شتێکی نوێ بوو بۆ خوێندکارێکی گەنجی وەکو من، کە هەر بینیبووم نەخوێندەوار بە سووک سەیری کراوە و خوێندەوارەکانمان وەکو جنێو بەکاریانهێناوە، کەچی وا ئەو نووسەرە ئەوەندە بە گەورەی دەزانێت و لە ڕێگای ئەو نەخوێندەوارەوە ڕەخنە لە خوێندەواریی مەبەستداری دەزگاکان دەگرێت. ئایا دەبێت نووسەرێکی لە ئاستی (ڕێبین هەردی) ڕێگا بە خۆی بدات لەبەر تووڕەیی، ئەو ڕابردووەی لەبیر خۆی بباتەوە؟ هەموو نووسەرە گەورەکان کەسانی تۆلەرانسیشن. (ڕێبوار سیوەیلی)، کە هاوڕێیەکی نزیکی خۆتە، ئەو کارەی پێکرا، کەچی قسەیەکی ڕەقی بە کەس نەگوت.

ئازیزم تۆ نەوەیەکت فێر کرد، کە هیچ پێوەندییەک لەنێوان داهێنان و ئازایەتییدا نییە. ئەی چۆن بە کەسێک دەڵێی دەبەنگ و نەخوێندەوار، گوایە داهێنانی نەکردووە و ترسنۆکە؟ تۆ دەتەوێت سووک و ئاسان پێمان بڵێی هەر نووسەرێک بەناهەق لەبارەیەوە نووسرا، ئەوە ئەویش مافی ڕەوای خۆیەتی لە تایتڵی نووسینەکەیەوە هەتا کۆتایی جنێو بدات؟ لێرەدا نامەوێت خوێنەر وا تێبگات، کە من بەرگری لە نووسینەکەی (هادی المهدی) دەکەم. من دەزانم ئەو بەناڕەوا هێرشی کردۆتە سەر (ڕێبین هەردی). نموونەی ئەو جۆرە نووسینەی (هادی المهدی) لە هەندێک ڕۆژنامە و سایتدا، کە تایبەتن بە جنێو، ئەوەندە زۆرن، بەلامانەوە شتێکی سەیر نییە، بۆیە زمانی ڕەخنە ناتوانێت هیچ بەدواداچوونێک لەگەڵ ئەو نووسینانەدا بکات، بەڵام جێگای داخە (ڕێبین هەردی) پەنا بۆ زمانێکی ئاوا ببات، با بشیەوێت بەو زمانە بەرگری لە مافی خۆی بکات. هاوکات ناشمەوێت خوێنەر وابزانێت من کاتێک دەڵێم (هەردی) بەپێچەوانەی ڕابردووی خۆی، لەو نووسینەیدا هێرشی کردۆتە سەر (ئەنتی هێرۆ)، ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە وەڵامی (هادی المهدی)ی داوەتەوە. نەخێر، تەنها مەبەستم ئەو شێوە زمانەیە، کە بەکاریهێناوە. مەبەستم ئەو پێناسەیەیە، کە (ڕێبین هەردی) بۆ (فس فس پاڵەوان)ی کردووە. بەپێی ئەو پێناسەیەی (ڕێبین هەردی) بێت، ئەوە (فس فس پاڵەوان) ئەو کەسەیە، کە سیفەتەکانی (هادی المهدی)ی تێدایە. ئەو سیفەتانەشی لە نووسینەکەیدا دەستنیشانکردووە، کە گرنگترینیان ترسنۆکی و بوختانکردن و و نەخوێندەواری و دەبەنگیین.

ئازیزم من لە سەرتاپای نووسینەکەتدا تاقە وشەیەکی جوان نابینم. تاقە دێرێکم بەرچاو ناکەوێت لەوانەی پێشووت بچێت. باسی ئەو هەموو هەڵە زەق زەقانەی دەربڕین و ڕێنووس و جوانکارییش ناکەم. ئایا ئەگەر سبەینێ دەزگایەکی چاپەمەنی ویستی کۆی بەرهەمەکانت لە چەند بەرگێکدا چاپ بکات، ڕازیی دەبیت ئەو بابەتەشتی لەگەڵدا بێت؟ یان هەر ئێستا پەشیماندەبیتەوە و داوای لێبوردن لە خوێنەرەکانت دەکەیت؟ من باوەڕم وانییە ئەو داوای لێبوردنەت ئەوەمان بیر بباتەوە، کە تۆ هێرشی ناڕەوات کراوەتە سەر، بەڵام ئەو داوای لێبوردنەت داوای لێبوردنە (تەنها) لەو (ئەنتی هێرۆ)یانەی وا شانزدە ساڵە لەپاڵ ڕۆشنبیرە جدییەکانی دیکەدا بەرگرییان لێدەکەیت و ئەمڕۆ بە زمانی ستانداردی کوردی، ئەو زمانەی شەڕت لەسەر تازەکردنەوەی کردووە، پێیان دەڵێی (فس فس پاڵەوان).